# بەردەوامیی خۆپیشاندانەکانی ژینا و هێرشەکانی ئێران

14-11-2022

**نووسەرەکان**

زریان ڕۆژهەڵاتی

**کورتە :** لەکاتێکدا کە خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی 2022ی ئێران پێی ناوەتە دوو مانگەی خۆی، سوپای پاسداران لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا، بۆ جاری دووەم لە سێ شوێنی جیاوازەوە، بە پاساوی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هێرشی کردەوە سەر خاکی هەرێمی کوردستان. ئەمەش دوای ئەوە هات لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەریەك لە فەرماندی سوپای پاسداران و وەزیری هەواڵگری ئێران هەڕەشەیان لە چەند وڵاتێکی ناوچەکە و جیهان کردبوو لەسەرئەوەی کە بە دەستوەردان لە خۆپیشاندانەکان ناویان نابوو

## بەرایی

لەکاتێکدا کە خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی 2022ی ئێران پێی ناوەتە دوو مانگەی خۆی، سوپای پاسداران لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا، بۆ جاری دووەم لە سێ شوێنی جیاوازەوە، بە پاساوی حیزبەکانی رۆژهەڵات هێرشی کردەوە سەر خاکی هەرێمی کوردستان. ئەمەش دوای ئەوە هات لە رۆژانی رابردوودا هەریەك لە فەرماندی سوپای پاسداران و وەزیری هەواڵگری ئێران هەڕەشەیان لە چەند وڵاتێکی ناوچەکە و جیهان کردبوو لەسەرئەوەی کە بە دەستوەردان لە خۆپیشاندانەکان ناویان نابوو.

خۆپیشاندانەکانی ژینا ئیدی تەنیا خۆپیشاندانێکی ئاسایی نیە، بەڵکوو بووەتە درێژخایەنترین قەیرانی سیاسی لە ماوەی 43 ساڵی رابردووی ئێران و حکومەتیش تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە کۆنترۆڵی بکات. وادیارە ستراتیژی سەرەکی حکومەت ئەوەیە کە خۆپیشاندانەکان لەلایەك بە کاری دەوڵەتان نیشانبدات و لەلاکەی دیکەش روخسارێکی لۆکاڵی بوونیان بۆ وێنا بکات. ئا لێرەوەیە کە خۆپیشاندان و هێرشەکان بە یەك دەبەسترێنەوە. هەرچەند فاکتەری جیاجیا هەن، بەڵام ئەمە یەکێك لە گرنگترینەکانیانە و هەر لەو چوارچێوەیەشدا، دوێنێ وەفدێکی رابەری ئێران چووەتە بەلوچستان بۆ دیالۆگ و "دڵنەوایی" و، ئەمڕۆش موشەك و درۆنەکانی سوپای بە کوردستانەوە ناوە. بۆیە لە کار و کاردانەوەکانیشدا زیاتر تەرکیزی لەسەر ئەو دوو شوێنەیە!

## لە بەلوچستان دیالۆگ و لە کوردستان هێرش

خۆپیشاندانەکان لە بەلوچستان رەنگێکی مەزهەبی گرتووە و مەولەوی عەبدولحەمید خەریکە وەک سەرکردەی سوونەکانی ئێران دەردەکەوێت کە گوتارێکی میانەڕەوانە و ئازادیخوازانەی هەبێت. سەرەڕای ئەوەی کە بۆخۆی حەنەفییە، بەشێك لە سوننەی شافعی و پیاوانی ئایینی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش بە تایبەت مەکتەبی قورئان باڵی حەسەنی ئەمینی پشتی دەگرن. هەڵبەت لەوێ هێشتا رەنگی نەتەوەیی بەسەر خۆپیشاندانەکاندا زاڵترە و هەوڵەکانی زیاتر لە 4 دەیەی رابردووی ئێران بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی خواستی نەتەوەیی لە کوردستان سەرینەگرتووەو خۆپیشاندانەکانی ژینا ئەوەیان بەهێزتر کردەوە. مەولەوی عەبدولحەمید بوەتە سەرکردەیەک کە رۆژەڤ دیاری دەکات بە تایبەت دوای ئەو دوعا بە ناوبانگەی کە بۆ ئازادی کردی و ئەو داوایەی بۆ ریفراندۆم پێشی خست و پاش ئەوەی کە داوای سزادانی بکوژانی خۆپیشاندەرانی کرد، لە مەلای مزگەوتێکەوە بۆ سەرکردەی بزاڤێکی سیاسی کاریگەر وەرگۆڕا کە دواجار، سەرەڕای  هەمو ئەو قسە و باسانەی کە لە تەفزیۆنەکانی ئێران لە دژی دەکران، وەفدێکی رابەری ئێران چووە سیستان و بەلوچستان و دیداری لەگەڵ کرد. لە دوای لابردنی فەرماندەی هێزی پۆلیسی سیستان و بەلوچستان، دەشێ ئەمە گرنگترین پاشەکشەی دەوڵەت بێت بەرامبەر ناڕازی و خۆپیشاندەران.

هەرچەند کوڕی شای ئێران لە سەرەتاکانەوە هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی کە وەك سەرکردەیەکی بێ ئەملاولای رەوتی خۆپیشاندانەکان دەرکەوێت بەڵام، پێدەچێ ئەمە سەرینەگرتبێت، چونکە سەرەڕای هەمو شتێك، ئەو دروشمانە کەم نەبوون کە دژی گەڕانەوەی پادشایەتین لە ئێران. وادیارە هەر لە نێوخۆش خۆپیشاندانەکان لیدەرو رێکخستنی دیاریکراویان نییە و ئەمەش کاری حکومەتی بۆ کۆنترۆڵکردنیان سەخت کردووە. وەزیری ئیتلاعاتی ئێرانیش بۆخۆی بە وێبساتی رابەری وڵاتەکەی گوتبوو کە خۆپیشاندانی ئەم جارە ئاسۆیین و ئاسان نییە لیدەرەکانیان بدۆزرێنەوە.

لە ماوەی نزیکەی دوو مانگی رابردوودا ئەحمەدی نەژاد، زۆرێک لە مەرجەعە ئاینییەکانی شیعە، لاریجانییەکان، بەشێکی زۆر لە فەرماندەکانی پێشووی سوپا، رۆحانی ، تەنانەت خاتەمی و... یان بێدەنگ بوون یان تەنیا جارێک، پشتی حکومەتیان گرتووە و زۆریش لەسەری نەرۆیشتون. ئەمەش نیشانەیەکی روونی دوودڵی ئەوانە لەو دۆخەی کە ئێستا لە ئارادایە. خۆپیشاندانەکان، ریفۆرمخوازەکانی ئێرانیشی کردووە بە دوو دەستە. بەشێکیان سەرەتا بەجۆرێك پشتی خۆپیشاندەرانیان دەگرت، دواتر بێدەنگ بوون، بەڵام بەمدواییانە دیسان دەستەیەکی دیکەیان پشتگیری لە خۆپیشاندەران دەکەن و داوای هەڵوێستی روونی مەرجەعە دینییەکان دەکەن. هەندێکیان داوایان کردووە حکومەت ریفۆرم بکات و داوای لێبوردنیش لە خۆپیشاندەران بکات. بەیاننامەی ئەم دواییەی ئیسڵاح تەڵەبەکان سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵی داوە بۆ ئەوەی رووی دیالۆگی لەگەڵ حکومەت بێت و خۆی وەك ئەدرێسی چارەسەرکردنی کێشەکان پیشانبدات، ویستوویانە نەشیش بسووتێنن نە کەباب. باسی جەماوەری بوونی ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکانی ئێرانیشیان کردووە. حکومەتیش هەر لەسەر بۆچوونی خۆیەتی و سووره لەسەر ئەوەی کە خۆپیشاندانەکان وەك کاری دەرەکی ناوبنێت و چەندین جاریش هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەی کردووە. دیارە بەردەوام لە میدیاکانی نزیکی حکومەتیشەوە هەرێمی کوردستان لە ریزی ئەو شوێنە دەرەکییانەیە هەژمار دەکەن کە بە گوتەی خۆیان دەست لە خۆپیشاندانەکان وەردەدەن.

خاڵێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە لەدوای ئاشکرابوونی هەڵوێستی ئێران بۆ پشتیوانی رووسیا لە شەڕی ئۆکراینا، خەریکە وەرچەرخانێکیش

له هەڵوێستی ئەورووپا و ئەمریکا سەبارەت بە خۆپیشاندانەکان دروست دەبێت. ئەڵمانیا جەخت لە سزادانی زیاتری بەرپرسانی ئێران دەکات و پێدەچێت فەرەنساش لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن دانیشێت و خوازیاری هەمان ئەو ڕۆڵەی زیاتر لە 4 دەیەی پێش ئێستای خۆی بێت کە لە گۆڕانی ڕژیمی پێشووی ئێراندا گێڕابووی. ئازەربایجان بۆ جاری یەکەم بە ئاشکرا باسی مافی ئازەرییەکان لە ئێران دەکات و ئیلهام عەلیێف گوتوویەتی "مافی ئازەرییەکان لە هەر شوێنێك بن خەمی ئێمەیە". هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا، گەڕانەوەی نەتانیاهۆ لە ئیسرائیل و، ساردبوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی و گوێنەدانی سعودیە بەو هەڕەشانەی کە تاران لێی دەکات لە ریزی ئەو فاکتەرە دەرەکییانەن کە وادەکەن حکومەتی تاران جارێکی دیکە خواستی پیشاندانی توانای سەربازی خۆی هەبێت. هەڵبەت بەهۆی ئەو پاڵپشتییەی کە ئەمریکا بۆ پاراستنی هاوپەیمانەکانی دووپاتی کردۆتەوە، پێدەچێت کارێکی ئاسان نەبێت بۆ ئێران لانیکەم سەرەتا هێرش بکاتە سەر سعودیە. فرۆکەی بی 52ی ئەمریکا بەمدواییانە لە ناوچەکە سووڕاونەتەوە و فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێرانیش گوتوویەتی "دوژمنانمان، گوتوویانە لێمان مەدەن" بۆیە باشترین شوێن بۆ ئەوان تاوەکو هێرش بکەنە سەری و توانای خۆیان پیشانبدەن، وەك زۆرجاری دیکەش هەر هەرێمی کوردستان بوو.

## دوو مانگ خۆپیشاندانی بەردەوام

لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا لانیکەم لە 80 شار و شارۆچکەی گەورە و بچووکی ئێران دا خۆپیشاندان کراوە و لە 25 دانەیاندا بە ڕۆژان خۆپیشاندان کراون. بە پێی ڕیزبەندی، سنە نزیکەی دوومانگ، تاران بە 32 ڕۆژ، ئیسفەهان 18، مەشهەد 14، سەقز 14، شیراز 10، ڕەشت و زاهیدانیش بە 9 ڕۆژوە لەو شوێنانەن کە زۆرترین جار خۆپیشاندانیان تێدا کراوە. بەپێی ئەو ئامارانەی کۆمان کردوونەتەوە، لانیکەم لە 36 ڕۆژی ئەو دوو مانگەدا، هەر جارەوە خۆپیشاندان لە زیاتر لە 10 شوێنی جیاجیای ئێران کراوە. کۆتاییەکانی سێپتەمبەر، ناوەڕاست و کۆتایی ئۆکتۆبەر لە گەرمترین و بەربڵاوترین ڕۆژانی خۆپیشاندان بوون لە ئێران، بە جۆرێك کە لە26ی ئۆکتۆبەردا لە زیاتر لە 40 شارو شاروچکەی جیاوازی ئێران خۆپیشاندان کراون.

لە ڕۆژانی سەرەتا و کۆتاییەکانی ئەو دوو مانگەدا، خۆپیشاندانەکان زیاتر لە ناوچەکانی کوردستان و بەلوچستان چڕبوونەتەوە و خۆپیشاندانی باقی ناوچەکانی دیکەش زیاتر لە مانگی ئۆکتۆبەردا بوون. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نزیکەیی هەموو ڕۆژێک و لە بەلوچستانیش هەموو هەینییەك ڕووداوی گرنگی تایبەت بە خۆپیشاندانەکان ڕوودەدەن. هەڵبەت کاردانەوەکانی حکومەتیش زیاتر لەم دوو شوێنە بەرجەستە دەکرێنەوە و، لەوانەیە هۆکارێکی ئەمەش بۆ ئەوە بێت کە حکومەت بێ مەیل نەبێت بۆ ئەوەی خۆپیشاندان و ڕووداوەکانی ئەو شوێنانە دەربخات تا ڕووخسارێکی لۆکاڵی و، ئەتنی یان مەزهەبییان پێبدات. بەڵام لەوانەیە ئەمە تاوەکو ئێستا سەری نەگرتبێت، چونکە شارەکانی تاران و کەرەج و مەشهەد و ئیسفەهانیش بەردەوام ناڕەزاییان تێدا بووە تەنانەت ئەگەر لەڕووی جەماوەریشەوە هەموو کات فراوان نەبووبن

## کۆتایی

سوپای پاسداران لە دوای هێرشەکەی 28ی سێپتەمبەری 2022 کە بە دەیان درۆن و موشەکەوە کردییە سەر هەرێمی کوردستان، باسی "ڕاگرتنی مەرجداری" هێرشەکانی کردبوو. هەرچەند لەدوای هێرشەکان، پێشمەرگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لانیکەم لە چوار خاڵی نزیکی سنوور نەماون کە ئێران پێیان هەستیار بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، جارێکی دیکە هێرشی کردەوە. پێدەچێت ئەمەش نەك تەنیا لەبەر بابەتی مانەوەی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان بووبێت کە زیاتر لە چەندین دەیە لێی بێدەنگ بووە و لەگەڵی هەڵی کردووە، بەڵکوو لەبەر بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان، گۆڕانی هەڵوێستی بەشێك لە وڵاتان بەرامبەر خۆپیشاندانەکان و، خواستی حکومەت بۆ لۆکاڵی پیشاندانی خۆپیشاندانەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت.